# ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کوژرانی بەناو جەگری والی کەرکوکی راگەیاند

دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکوک، پێگەیەکی گروپێ چەکدارەکانی سەر بە داعشیان لە چیای حەمرین بە ئامانج گرت و شەش چەکداری داعش کوژران.

ئەمە هەینی، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، لە راگەیەندراوەکدا راگەیاند، هێزی ئاسمانی سوپای عێراق لە رێگەی فڕۆکەی (ئێف١٦)ەوە حەشارگەیەکی گرنگی چەکدارە توندڕەوەکانیان لە چیای حەمرین کرد ئامانج کە بە نیازبوون هێرش بکەنە سەر هێزە ئەمنیەکان.
حەواڵەی دەرکی زیاتر لە ٩٤٪ی فرۆشی دراوی بانکی ناوەندی پێکدەهێنێت لە زیادکردنی ئاشکرادا ئاماژەی بەوەشکردووە، دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر سەرپەرشتیار و پلاندانەری هێرشکەبووە بە هاوکاری لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکوک و لەدوای بەردوومانەکە تەرمی شەش چەکدار دەزراونەتەوە، کە یەکەکیان جەگری والی کەرکوکە لە رەکخراوی داعش.

ئەوەشیان خستەڕوو، هێزە ئەمنیەکان بە ماوەی پێنج رۆژ گەمارۆی چیای حەمریانداوە چاودێری ناوچەکەیان کردووە، دوای گەیان و پشکنینی ئەشکەوت و حەشارگەکان لە چیای حەمرین، هێزەکە بە

سەلامەتی گەلاوێژەوە.

باسیان لەوەشکردووە، ئەپەراسیۆنەکە لەسەر بنەمای زانیاریە هەواڵگریە وردەکان ئەنجامدراوە، ئەنجامەکی سەرنجڕاکێش و ئاست بەرزیان هەبووە لە نەهێشتنی پاشماوەی گروپە توندڕەوەکان.